وانەی (١٩)

١	نوێژ

ڕابەری کۆمەڵەکە : نوێژ بکەو کۆمەڵەکەت وئەم پرۆگرامی ڕاهێنانە تەرخان بکە تایبەت بە مزگێنیدان و بانگەوازی شانشینی خودا .

٢	بەشداریکردن (٢٠ خولەك) ٢هەواڵی ڕۆژان

بە نۆرە بەشداری بکەن و پەڕاوی تایبەتی خەڵوەتی ڕۆحیتان **بخوێننەوە** ئەوەی فێری بوون لە خەڵوەت و تێڕامانەکانتان لەو بەشە دیاریکراوەی کتێبی پیرۆز (زەبور ١٦، ١٨ ، ١٩ ، ٢٢)
گوێ بگرن لە ئەو کەسەی بەشداری دەکات ، بەشێوەیەك مامەڵەی لەگەڵ بکەن هەست بکات ئەوەی دەیڵێ جێی بایەخی ئێوەیە ، پێشوازی لێبکەن . مشتومڕی لەگەڵ مەکەن لەو بابەتەی بەشداری پێدەکات ، تەنها تێبینیەکانت بنوسەوە .

٣	لەبەرکردن (٥خولەك) ڕۆما ٤: ٥

بە شێوەی گروپی دوانەیی (دوو باوەڕدار پێکەوە) **تیاڕامان و لەبەرکردن و پێداچونەوە** بکەن ، ڕۆما ٤: ٥ .

٤	فێرکردن (٨٥ خولەك) سامیریە چاکەکە

"نمونەی سامیریە چاکەکە " لە لۆقا ١٠: ٢٩- ٣٧ تایبەتە بە **خۆشەویستی زۆری خودا بۆ ئەوانی تر لە شانشینی خودا**

" نمونەکە" چیرۆکێکە باس لە ژیانی ڕۆژانەی سەرزەوی دەکات بە واتایەکی ئاسمانی . چیرۆکێکە دەکرێ بگێڕدرێتەوە لەژیانی ڕاستەقینەدا و ئامانج لێی فێرکردنی ڕۆحیە . عیسای مەسیح ئەو بابەتانەی باو و بڵاو بوون هەروەها ڕوداویی ڕۆژانەی بەکار دەهێنا لە پێناوی ڕاگەیاندنی نهێنیەکانی شانشینی خودا و ڕوناکیەکەی ، وە بۆ ڕوبەڕوبونەوەی خەڵکی لەبارەی بارودۆخی ڕاستەقینەیان و پێویستییان بە نوێبوونەوە .

ئەم وێنەیە خاڵ بەخاڵ لە شەش ڕێبەری ڕێنماییەکاندا تایبەت بە لێکۆڵینەوەی نمونەکان (بڕوانە ڕێبەری ڕێنماییەکانی ٩ ، پاشکۆی ١).

١. چیرۆکە سروشتیەکە تێ بگە کە لە نمونەکەدا پێشکەش کراوە.

پێشەکی : نمونەکە بە زمانێکی میتافۆری دەدوێ و واتای ڕۆحیەکەی بونیاد نراوە لەسەر ئەم زمانە میتافۆریە . بۆیە یەکەمجارشرۆڤەی وشەکانی نێو چیرۆک ونمونەکەو بانگراوندە کلتوریەکەی دەکەین ودەخوێنین / شارستانی و ڕاستیە میژوویەکانی .

گفتوگۆ: ئەو بنەمایانەی ژیانی بەرچاوی ئێستامان کامانەن ، کە نمونەکە لە خۆی گرتوە ؟

تێبینیەکان

ڕێگای نێوان ئۆرشالیم و ئەریحا.

ئۆرشالیم دەکەوێتە لوتکەی ناوچەیەکی شاخاوی بەڵام ئەریحا دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی ئۆرشالیم و نزیکەی ٢٧ کیلۆمەتر لە ئۆرشالیمەوە دوورەو لە دۆڵێکی نزمدایە ، وە بەرزاییەکەی ١٢٠٠ مەتر نزمترە لە ئۆرشالیم . ڕێگای نێوان ئەم دوو شارە زۆر سەخت و سامناك بوو . لەسەروو ئەمەشەوە دز وتاوانکاران خۆیان لە ئەشکەوتەکانی ئەو ناوچە

شاخاویانەدا حەشار دەدا ، ئیدی ئەم ڕێگایە بەناوبانگ بوو لە ڕووی مەترسیەوە .

ئەو پیاوەی گەشتی کرد لە ئۆرشالیمەوە بۆ ئەریحا .

ئەم پیاوە جولەکە بوو ئەگەر نا عیسا ئاماژەی بۆ دەکرد ئەگەر جولەکە نەبایە ، ئیدی دزەکان هێرشیان کردە سەری و ڕوتیان کردەوە هەرچیەکی پێ بوو وە لێیان دا و بەجێیان هێشت لە ڕێگاکە لە نێوان مردن وژیاندا.

کاهینە لێقیەکە .

خێزانی کاهینەکان زۆر بوون کە لە ئەریحا دەژیان ، بۆیە زۆرجار گەشتیان دەکرد لە نێوان ئۆرشالیم وئەریحا . ئەم کاهینە دادەبەزێت بەرەو ئەریحا بۆیە پێ دەچێت بەرەو ماڵی خۆیان گەڕابێتەوە دوای تەواو بوونی ماوەی خزمەتە کاهینایەتیەکەی لە ئۆرشالیم . وە ئەم کاهینە پیاوەکە دەبینێ کە لەسەر ڕێگاکە فڕێ دراوە ، بەڵام تێدەپەڕێ و لێی دوور دەکەوێتەوە ، چونکە نایەوێ خۆی هەڵقورتێنێ لە بابەتەکە . عیسای مەسیح پێمان ناڵێت هۆکاری ئەم دوور کەوتنەوەی کاهینە چی بووە ڕەنگە بیانووی زۆری هەبووبێ کاهینەکە وەکو بۆ نمونە وای دانابێت ئەم کەسە کاهینێك نیە لە خۆمان یان دەستم پیس دەبێت ئەگەر دەستی لێبدەم ! لەگەڵ ئەوەشدا هیچ بیانویەکی نەبوو بۆ چاکەکردن لەگەڵ ئەو پیاوە ،چونکە شەریعەتی پەیمانی کۆن بە ڕوونی فەرمان دەکات بە خەڵکی بەزەییان هەبێت بۆ خەڵکی نامۆ و هەروەها بۆ دوژمنانیش (لێقیەکان ١٩: ٣٤ ؛ دەرچوون ٢٣: ٤- ٥ ؛ ٢پاشایان ٦: ٨- ٢٣) ! وە لێقیەکە کە ئەرکەکەی هاوکاری کردن ویارمەتیدانی کاهینایەتی بوو لە پەرستگا بەلایدا ڕۆیشت و هیچ بەزەیی پێدا نەهاتەوە ، ئەمەش هیچ بیانویەکی نەبوو کە کەمتەرخەم بێت لەگەڵیداو بە ئەرکە ڕاستەقینەکەی خۆی هەڵنەستێت کە یارمەتیدانی ئەو پیاوە داماوەیە .

سامیریەکە .

جولەکەو سامیری لە دۆخێکی گرژ ودوژمنایەتیدا بوون لەگەڵ یەکتر (یۆحەنا ٤: ٩ ؛ ٨: ٤٨ ؛ لۆقا ٩: ٥١- ٥٦ ؛ ١تیمۆساوس ٥: ٢٣ ؛ ئیشایا ١: ٦ .

٢. چوارچێوەی دەقە ڕاستەوخۆکە بخوێنەوەو تاقی بکەوە ، وە بنەماکانی نمونەکە دیاری بکە .

پێشەکی : چوارچێوەی "چیرۆکەکە" زۆرجار ڕەهەندو بانگراوندی هەیە یان شرۆڤە کردن وجێبەجێکردنی نمونەکەی هەیە . دەکرێ ئاماژە بۆ بانگراوندی نمونەکە گونجاو بێت لەگەڵ پێناسەی چیرۆکەکە بۆ ئەو بارودۆخەی نمونەکەی تێدا باسکراوە . وە زۆرجار بانگراوندی نمونەکە کەوتوەتە پێش چیرۆکی نێو نمونەکەوە ، بەڵام شرۆڤە یان جێبەجێکردنی دوای چیرۆکی نمونەکە باسکراوە .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : چیرۆک و بانگراوند و شرۆڤە یان جێبەجێکردنی ئەم نمونەیە چی یە ؟

تێبینیەکان .

أ. بانگراوندی نمونەی هاتوو لە لۆقا ١٠: 25- 29 .

پرسیار سەبارەت بە چۆنیەتی میراتگریی ژیانی تاهەتایی .

یەکێك لە زانایانی شەریعەت ویستی عیسا شەرمەزار بکات کاتێ هەوڵیدا لای هەموان ئاشکرای بکات کە عیسا ناتوانێ وەڵامی پرسیارە قورسەکان بداتەوە ، وە یەکێك لە پرسیارەکانی یەوە بوو چی بکەم تا ژیانی تاهەتایی بەدەست بهێنم ؟

وەڵامی هاتوو لە کتێبی پیرۆزدا (شەریعەت) ئەوەیە خوداو نزیکەکەت خۆش بوێ . وتەکان ٦: ٥ ؛ لێڤیەکان ١٩: ١٨ ؛ لیڤیەکان ١٨: ٥ ؛ گەڵاتیە ٣: ١٢؛ ڕۆما ٧: ١٤ ؛ ڕۆما ٣: ١٠ ؛ لۆقا ١٨: ١٣ ؛ مەتا ١١: ٢٨ .

ئەو پرسیارەی تایبەتە بە نزیکەکەت .

بۆچوونی جیاواز هەبوو لە نێو جولەکەدا سەبارەت بە ئەوەی کێ نزیکمە ، هەندێکیان ڕاسپاردەی خودایان گۆڕیبوو بەوەی نزیکەکەت خۆش بوێ وڕقت لە دوژمنەکەت بێت بۆیە عیسا ڕاڤەی کرد بۆیان لە مەتا ٥: ٤٣-٤٨ .

هەروەها بڕوانە یۆحەنا ٧: ٤٩ .

ب. چیرۆکی نێو نمونەی هاتوو لە لۆقا ١٠: 30- 35 .

ج. شرۆڤە یان جێبەجێکردنی نمونەی هاتوو لە لۆقا ١٠: 36- 37 .

٣. وردەکاری پەیوەندیدار و ناپەیوەندیدار بە نمونەکە دیاری بکە.

پێشەکی : عیسا مەبەستی نەبوو بڵێ هەر خاڵێکی نێو نمونەکان واتاو مەبەستێکی ڕۆحی لە پشتەوەیە ، وە وردەکاری نێو نمونەکە خاڵی جەوهەری یان بابەتی سەرەکی لە خۆ دەگرێ ، بۆیە دەبێت هەوڵ بدەین واتاو مەبەستی ڕۆحی بۆ هەموو خاڵێک و وردەکاری نێو نمونەکان دیاری نەکەین .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەو وردەکاریانە کامانەن نمونەکە لەخۆی دەگرێ و بە سەرەکی و واتادار دادەنرێن ؟

تێبینیەکان .

مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم نمونەیە وەکو چیرۆکێکی میتافۆری – ڕاڤەکەی میتافۆریە .

چوار نوسەری مەسیحی شتی جوانیان نوسیوە لەبارەی ئەم چیرۆکەوە بەڵام ناکرێ گرێ بدرێن بە چیرۆک ونمونەکەوە بۆیە دەبێت ڕەتبکرێنەوە

. ئەوانیش ئیریناوس (١٣٠- ٢٠٠) یەکێکە لە پیرانی کڵێسا وە ئوگستیۆنۆس (٣٥٤- ٤٣٠) تاد.. بڕوانە مەتا ١٩: ٢٩ .

هەروەها مارتن لۆسەر (١٤٨٣- ١٥٤٦) وە ریتشارد س . ترنچ (١٨٠٧- ١٨٨٦) .

ئەم وردەکاریانە گرنگ وبنەمان وە شایەنی هەوڵدانن بۆ تێگەیشتن لە مەبەستەکانی .

عیسا مەبەستی نەبوو بڵێ هەر خاڵێکی نێو نمونەکان واتاو مەبەستێکی ڕۆحی لە پشتەوەیە ، وە وردەکاری نێو نمونەکە خاڵی جەوهەری یان بابەتی سەرەکی لە خۆ دەگرێ ، بۆیە دەبێت هەوڵ بدەین واتاو مەبەستی ڕۆحی بۆ هەموو خاڵێک و وردەکاری نێو نمونەکان دیاری نەکەین .

دەبێت باوەڕدارانی ڕاستەقینە نەڕوانن دەوروبەری خۆیان و بپرسن کێ نزیکمە ؟ بەڵکو بپرسن من نزیکی کێم ، کێیە ئەو کەسەی خاوەن پێویستیەو خودا لەسەر ڕێگای منی داناوەو من لەوەوە نزیکم .

٤. پەیامی سەرەکی نمونەکە دیاری بکە .

پێشەکی : پەیامی سەرەکی نمونەکە لە شرۆڤەو جێبەجێکردندایە یاخود دەکرێ کورتبکرێتەوە لە خودی نمونەکەدا .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : پەیامی سەرەکی ئەم نمونەیە چی یە ؟

تێبینیەکان .

نمونەی سامیریە چاکەکە لە لۆقا ١٠: ٢٩- ٣٧ نمونەیەکە فێرمان دەکات لەبارەی "خۆشەویستی زۆر بەرامبەر بە کەسانی تر لە شانشینی خودا " .
پەیامی سەرەکی نمونەکە ئەمەیە : من نزیکیم کاتێ خۆشەویستیم دەردەبڕم بەرامبەر بە کەسانی تر و مامەڵەیان لەگەڵ دەکەم بە بەزەیی و بایەخ دەدەم بە هەژار وخاوەن پێوسیتیەکان کە لە ڕێگاکەمدان .

بڕوانە لێڤیەکان ١٩: ٣٤ ؛ مەتا ٥: ٤٣- ٤٧ ؛ ڕۆما ١٣: ٨- ١٠ ؛ ١کۆرنسۆس ٩: ١٢ ؛ گەڵاتیە ٦: ٢ ؛ یاقوب ٢: ٨ .

٥. بەراوردی نمونەی هاوسەنگی و بەرابەری لە کتێبی پیرۆزدا.

پێشەکی : زۆرێك لە نمونەکان لەیەك دەچن و هاوشێوەن هەندێ جار دەتوانی بەیەکتریان بەراورد بکەیت ، ئەو ڕاستیەی لە هەر نمونەیەکدا هەیە هاوسەنگە یان بەرابەر ڕاستیەکە بەشەکانی دیکەی کتێبی پیرۆز بۆمان ڕوون دەکاتەوە فێرمان دەکات . هەوڵ بدە ئەو ئایەت و شایەتە کتێبیە بدۆزیتەوە کە بەرابەر یان هاوشێوەی نمونەیەکەو یارمەتیدەرە بۆ ڕاڤەکردنی نمونەکە . ئاگاداربە لە ڕاڤەکردنی هەر نمونەیەك پشت ببەستە بە فێرکردنی ڕوون و ڕاستەوخۆی کتێبی پیرۆز .

گەڵاتیە ٢: ١٦ ؛ ٣: ٦- ٩ ، ١٢- ١٤ بخوێنەوە.

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : بەشەکانی تر چی ڕاستیەك فێر دەکات کە ئەم نمونەیە پێشکەشی دەکات ؟

تێبینیەکان .

گەڵاتیە ٣: ١٢ .

ئەم ئایەتە فێرمان دەکات کە ئەو مرۆڤەی کاردەکات بە ڕاسپاردەکانی شەریعەت پێی دەژی ، ئەمەش واتە ئەگەر مرۆڤ نزیک بێت و چاکەکار بێت و توانی ببێتە نزیکێکی باش و پڕوتەواو لەمەدا ، کاتێ بە تەواوەتی خودای خۆش ویست بە تەواوەتی ئیدی دەبێتە میراتگری ژیانی تاهەتایی .

گەڵاتیە ٢: ١٦ .

بەڵام گەڵاتیە ٢: ١٦ دەڵێ لەسەر بنەمای شەریعەت مرۆب بێتاوان نابێت ، ڕۆما ٣: ١٢- ٢٣ .

گەڵاتیە ٣: ١٣ .

گەڵاتیە ٣: ١٣ دەڵێ ، مەسیح ئێمەی لە نەفرەتی شەریعەت کڕییەوە، بەوەی لە پێناوماندا بووە نەفرەت . لەگەڵ ئەوەی لە مێژوودا هیچ کەسێك لەم جیهانەدا نەیتوانیوە هەموو ڕاسپاردەکانی خودا بە تەواوەتی جێبەجێ بکات ئیدی عیسای مەسیح توانی ئەمە بکات چونکە بە تەواوەتی گوێڕایەڵ بوو وە هەموو ڕاسپاردەکانی شەریعەتی جێبەجێ کرد عیبرانیەکان ٥: ٨- ٩ ؛ ڕۆما ٨: ١- ٣ ؛ ٢کۆرنسۆس ٥: ١٢ .

گەڵاتیە ٣: ٦ -٩ .

ئیدی بەم شێوەیە ، ئایەتەکە فێرمان دەکات کە هەر کەسێك باوەڕ بە عیسای مەسیح بهێنێ ئەوا خودا بە بێتاوانی دادەنێت یۆحەنا ٣: ١٦ ؛ ڕۆما ٥: ١ . ؛ یۆحەنا ٣: ٣- ٨ .

٦. کورتەی فێرکردنی سەرەکی نمونەکان دەسوڕێنەوە بەدەوری خۆشەویستی زۆر لە شانشینی خودا .

گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەو فێرکردنە سەرەکیە کامەیە نمونەکە پێشکەشی دەکات ؟ عیسای مەسیح دەیەوێ چی بزانین و باوەڕمان بە چی هەبێت وە دەیەوێ چی بکەین و چۆن بین ؟

تێبینیەکان .

نمونەی گەڕانەوەی ڕۆحی بەدکار (مەتا ١٢: ٤٣- ٤٥)

ئەم نمونەیە فێرمان دەکات لەبارەی خۆشەویستی زۆر بەرامبەر ئەوانی تر لە شانشینی خودا . پەیامی سەرەکەی نمونەکە ئەوەیە : شانشینی خودا پێناسەدەکرێ بە ئاینێکی ئەرێنی زۆر بەرامبەر کەسانی تر نەوەك ئاینێکی نەرێنی ، ئەو پێناسەی خۆشەویستی زۆر دەکات بەرامبەر بە خەڵکی لە بری هەر شتێکی تر ، خۆشەویستی مەسیح ئاراستەیە بەرەو خەڵکی ، ئەو خەڵکەی پێویستیان بە چاککردنەوەو ڕزگاریی هەیە .

نمونەی سامیری چاکەکە (لۆقا ١٠: ٢٩- ٣٧) .

ئەم نمونەیە فێرمان دەکات لەبارەی خۆشەویستی زۆر بەرەو کەسانی تر لە شانشینی خودا ، پەیامی سەرەکەی ئەم نمونەیە ئەوەیە : نزیک دەبم کاتێ خۆشەویستی زۆرم دەبێت واتە کاتێ بەزەیی و چاودێری پێشکەش بە کەسانی خاوەن پێویستی دەکەم ئەوانەی لەسەر ڕێگاکەمدان . ڕۆما ١٣: ٨- ١٠ .

نمونەی قەرزارەکان (لۆقا ٧: ٤٠- ٥٠)

ئەم نمونەیە فێرمان دەکات لەبارەی خۆشەویستی زۆر بەرەو کەسانی تر لە شانشینی خودا .

پەیامی سەرەکی ئەم نمونەیە ئەوەیە : خۆشەویستی زۆر بۆ خەڵکی تر لە هەستکردن بە لێخۆشبوونەوە سەرچاوە دەگرێ وە هەستکردن بە لێخۆشبوون لەدەرئەنجامی باوەڕ بە مزگێنی ئینجیلەوە دێت . بڕوانە یۆحەنا ٨: ٤٢ ؛ ١یۆحەنا ٥: ١ .

چی فێر دەبین لە سروشتی خودا ؟

دەبێت هەموو خەڵکی بزانن بەتایبەتی گومڕاکان و لەناوچوان کە لەبارەی ڕاستێتی سروشتی خودا و عیسای مەسیح وکارەکانیەوە ، یەکێك لە وانە مەزنەکانی کە ئەم نمونەیە پێشکەشی دەکات ئەوەیە ئەو خەڵکی ڕزگار

دەکات لە ڕۆحە خراپەکارەکان و نەخۆشەکان چاک دەکاتەوە و لە گوناهەکانیان خۆش دەبێت و دڵی هەمیشە سەرقاڵە بە خەڵک وپێویستیەکانیان و بەزەیی هەیە بۆیان ، مەتا ٩: ٣٦ .

چی فێر دەبین لە سروشتی باوەڕدارانی ڕاستەقینە ؟

دەبێت باوەڕدارانی ڕاستەقینە بزانن لەبارەی ڕاستێتی خۆیان وچۆنیەتی یەو شێوازەی پێی دەژین . وانەیەکی تری ئەم نمونەیە ئەوەیە کە تایبەتە بەوەی خودا دەیەوێ ئێمە چی بین و چی بکەین (خۆشەویستی زۆر) گوزارشە لە سوپاسگوزاریمان بۆ خودا لەسەر ڕزگاریەکەی ئەوەی بەدەستمان هێنا بە نیعمەتی خۆی لە عیسای مەسیحدا . بۆیە دەبێت سوپاسگوزار بین لەسەر ئەم ڕزگاریە مەزنە کە خودا بە نیعمەتی خۆی پێی بەخشین .

٥	**نوێژ** (٨ خولەك) **نوێژێك ڕەنگدانەوەی وشەكانی خودا بێت**

بە نۆرە نوێژ بكەن ، نوێژێكی كورت ئەوە دەربخات كە ئەمڕۆ فێربوون . یان كۆمەڵەكە بكە بە دوو یان سێ كۆمەڵ و نوێژێك بكەن ڕەنگدانەوەی ئەوە بێت كە ئەمڕۆ فێربوون .

٦	**ئەركی ماڵەوە** (دوو خولەك) بۆ **وانەی داهاتوو**

ڕابەری کۆمەڵەکە . ئەرکی داهاتوو بدە بە ئەندامانی کۆمەڵەکەت بە شێوەی نوسراو ، یان داوایان لێ بکە لە پەڕاوەکانیاندا بینوسن.
١- بەڵێن . بەڵێندان بە ڕاهێنانی قوتابی نوێی خوداوەند و بونیادنانی کڵێسای مەسیح و جاڕدانی موژدەی شانشینی خودا .
٢- وتاری ئامۆژگاری یان فێرکردن ، یان وانە دابەشکردن (لەگەڵ کەسێکی تر یان لەگەڵ کۆمەڵێکدا) فێرکردنی پەیوەست بە نمونەی " سامیریە چاکەکە " .
٣- خەڵوەتی ڕۆحی . چێژ وەربگرە لە خەڵوەتی ڕۆحی لەگەڵ خودا و هەموو ڕۆژێك هاوکاری وەربگرە لە نیوەی بەشێك لە زەبور ٢٣، ٢٤، ٢٥ ، ٢٧. باشترین شێوازی ڕاست بەکاربهێنە و تێبینیەکانت بنوسەوە .
٤- لەبەرکردن : تێڕامان بکەو ئایەتی نوێی لەبەرکردن : ڕۆما 5: 1- 2 لەبەر بکە. ڕۆژانە بەو ٥ ئایەتانەدا بچۆرەوە کە لەبەرت کردوون .
٥- وانەی کتێبی پیرۆز . وانەی داهاتووی کتێبی پیرۆز ئامادە بکە لە ماڵەوە : ڕۆما 5: 12- 21. ئەو پێنج ڕێگەیەی لێکۆڵینەوەی کتێبی پیرۆز بەکار بهێنەو و سودیان لێ ببینە. تێبینیەکانت بنوسەوە .
٦- نوێژ. نوێژ بکە بۆ کەسێکی دیاریکراو یان شتێکی دیاریکراو لەم هەفتەیەداو تەماشا بکە خودا چی دەکات (زەبور ٥: ٣).
٧- تێبینیەکانت بنوسە سەبارەت بە بونیادنانی کڵێسای مەسیح . هەروەها ئەو تێبینیانە بنوسەوە کە پەیوەندیان بە کاتی خەڵوەتت لەگەڵ خودا و ئایەتەکانی لەبەرکردن و فێرکردن و ئامادەکاری یەوە هەیە .